نرخی زێڕ دابەزینێکی بەرچاوی تۆمارکرد

نرخی زێڕ دابەزینێکی بەرچاوی تۆمارکرد و ئۆنسیێک بە2874 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت، لەدوای ماگی 11ـی ساڵی رابردووەوە یەکەمجارە نرخی زێڕ بەو شێوەیە دابەزینی تۆمارکردبێت.

ئەمە هەینی، لەگەڵ کردنەوەی بازاڕە دارایییەکان نرخی زێڕ بەڕێژەی 0.1% دابەزینی تۆمارکرد و ئۆنسیێک بە 2874.69 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت.

لەماوەی ئەم هەفتەیەدا، نرخی زێڕ بەڕێژەی 2% دابەزیوە، ئەمەش گەورەترین دابەزینی هەفتانەیە لە مانگی تشرینی دووەمی 2024ەوە، تۆماریکردبێت.

دوای هەشت بەرزبوونەوەی لەسەریەک، بەرەو یەکەم دابەزینی هەفتانەی خێی دەڕوات.

هاوکات، بەپێی داتاکانی ئاژانسی ڤیتەرز، نرخی ئایندەی زێڕی ئەمریکا بە ڕێژەی 0.3% دابەزیو و گەیشتوەتە 2886.80 دۆلار.

سەبارەت بە نرخی کانزاکانی دیکە، نرخی یەک ئۆنس زیوی سپێت بەڕێژەی 0.4% بەرزبوەتەوە و گەیشتوەتە 31.37 دۆلار، پلاتینەم بەڕێژەی 0.3% بەرزبوەتەوە و گەیشتوەتە 951.95 دۆلار و پالادیەم بەڕێژەی 0.1% بەرزبوەتەوە و گەیشتووەتە 920.34 دۆلار.